# وێژەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤێت[1]

تۆسنی ڕەشید

**لە کورمانجییەوە: ژیار هۆمەر**



١٦ی ئایار ٢٠٢٢ توێژینەوە

## پێشەکی

ئەم وتارە هەڵسەنگاندنی وێژەی کوردانی سۆڤێتە، بە چاپکردنی ڕۆژنامەی **ڕیا تەزە** لە یەریڤانی ئەرمەنستان لە ساڵی ١٩٣٠ دەست پێ دەکات و تا هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٩١ دەخایەنێت.

[1] ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی ٢٠١٠ لە یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی وێژەی کوردی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندراوەتەوە.

وێژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێت بەشێکی گرنگی وێژەی کوردییە. شاعیر و لێکۆڵەر فەرهاد شـــاکەلی لەمەڕ ئەو وێژەیەوە دەنووســـێت: "ئەدەبیاتی کوردیی سۆڤێتی جاران بەشێکی خۆشەویست و گرنگی ئەدەبیاتی کوردییە و دەبێ بیناسین و لە چوارچێوەی سامانی نەتەوایەتیماندا جێگەی بدرێتێ و توێژینەوەی لەسەر بکرێت."[2]

ئەم وتـــارە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی لە یەکیەتیی سـۆڤێت لەســـەر ئەم مژارە بڵاو بوونەتەوە، بە گشـتی سـەرنجیان لەســـەر مێژووی ئەو وێژەیە چڕ کردووەتەوە، بە چـــاوێکی ڕەخنەییەوە لێیـــان نەڕوانیوە. ئەگەر هەندێک دەستکەوتیشیان دەستنیشـان کردبێت، بە گشتی کەموکورتییەکەیان بە زاردا نەهاتووە. لە لایەکی ترەوە، دوایین لێکۆڵینەوە لەســەر ئەم مژارە ســاڵی ١٩٧٠ بڵاو بووەتەوە.[3] گەرچی لێکۆڵینەوەکان هەر لە یەکیەتیی سۆڤێت بڵاو بوونەتەوە، زۆربەیان وێژەی ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠ دەگرێتەوە، کاتێک ئەو وێژەیە هێشتا تەواو نەخەملاوە.[4]

چەند وتارێک لە پارچەکانی کوردســـتان بڵاو بوونەتەوە، بە دەســـتمان گەیشـتووە؛ زۆر لێی ورد نەبوونەتەوە، هەر ســـەرپێی هەڵیانســـەنگاندووە.[5] لەم بارەیەوە فەرهاد شـــاکەلی دەنووســـێت: "ئەگەرچی تا ئێســـتا گەلێ

[2] فەرهاد شاکەلی، تۆسنی ڕەشید، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٨٩، ٢٠٠٤، هەولێر

[3] حەجیێ جندی، ئۆچێرکا ئەدەبیەتا کوردایە ئەرمەنستانا سۆڤێتێ، ١٩٧٠ (بە زمانی ئەرمەنی)

[4] تۆماس بۆیس، ١٩٥٥

[5] Ferhad Pirbal, *Kurdish literature in the former Soviet Union Republic of Armenia*, 2008.

لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژووی سیاسیی ئەو بەشەی نەتەوەی کوردەوە نووسراوە، بەڵام ئەو ئەدەبە کوردییە لەو بەشەی نیشتمانەکەماندا نووسراوە، بە تەواویی لە تاریکیدا ماوەتەوە و کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاگادارییەکی یەکجار کەمیان لەبارەیەوە هەیە."[6]

ئێمە لەم وتارەدا دیرۆکی پێشخستنی وێژەی کوردەکەمان لە یەکیەتیی سۆڤێتدا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کردووە. قۆناغی یەکەم؛ کاتێک خوێندنگای کوردی لە گوندە کوردییەکان کراوەتەوە، دەست بە چاپکردنی ڕۆژنامەی **ڕیا تەزە** (RîyaTeze) کراوە، ئەو حکومەتە کۆمارییانەی کوردی لێ بووە پشتگیری زمان و چاند و وێژەی کوردییان کردووە. ئەم قۆناغە تا ساڵی ١٩٣٨ـی خایاندووە. قۆناغی دووەم؛ لە ساڵی ١٩٣٨ـەوە تا دوای مردنی ستالین، تا ساڵی ١٩٥٥ـی خایاندووە، کاتێک چاند و وێژەی کوردی لە سەرانسەری یەکیەتیی سۆڤێت دەتگوت خۆڵی مردووی بە سەردا کراوە. قۆناغی سێیەم؛ لە ساڵی ١٩٥٥ـەوە وێژەی کوردی دەکەوێتە قۆناغی بووژانەوەوە، ناوی نوێ و شێوازی نوێی نووسین هاتووەتە ئاراوە، خۆی لە بانگەشەی سیاسی و کاریگەریی وێژەی دەرودراوسێ ڕزگار کردووە، بەرەو پیری وێژەی گشتیی کوردی چووە.

گەرچی ڕێژەی کورد لە یەکیەتیی سۆڤێتدا کەم بووە، بەڵام دەرفەتی بەردەستیان بۆ پێشخستنی زمان و وێژە و چاندی کوردی وەگەڕ خستووە. بە تایبەتی لە بواری وێژەدا هەنگاوی مەزن نراوە.

[6] فەرهاد شاکەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو

کاتێک باسوخواس دێتە سەر وێژەی کوردی یەکیەتیی سۆڤێت، دەبێت بەر لە هەموو شتێک وێژەی کۆماری ئەرمەنستان بە بیری خۆمان بهێنینەوە؛ چونکە ٨٠-٩٠٪ی کوردە ڕۆشنبیرەکانی یەکیەتیی سۆڤێت، بە تایبەتی ئەوانەی گیرۆدەی چاند و وێژەی کوردی بوون، خەڵکی ئەم کۆمارە بوون.[7] ئەم دیاردەیە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە؛ هۆکاری یەکەم ئەوەیە، بزاوتی نەتەوەی کورد هەمیشە لە ئەرمەنستان بە گوڕوتین بووە، پاشان لە حکومەتی کۆماری ئەرمەنستان باشتر پشتگیریی پێشخستنی زمان و چاند و وێژەی کوردی کراوە.

بەر لەوەی ڕۆ بچمە ناو لێکۆڵینەوە وێژەییەکەمەوە، لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی ژیانی کورد ڕادەوەستم وا بوونەتە بناغەی دەرکەوتنی وێژەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤێتدا.

دوای ڕێکەوتی ٢٩ی ١١ی ١٩٢٠، سوپای سوور لە ئەرمەنستان سەری هەڵدا و حکومەتی سۆڤێت لەوێ دامەزرا. حکومەتی نوێ بڕیاری دا، خوێندنگا بە زمانی کەمەنەتەوەکان بکرێتەوە. بەم ئامانجە ئەلفبێی کوردی لەسەر بنچینەی پیتی ئەرمەنی ئامادە کرا و هاوینی ساڵی ١٩٢١ کتێبی فێربوونی زمانی کوردی بە ناوی "شەمس" لە ئەرمەنستان (شاری ئێچمیادزین) چاپ کرا. دانەری ئەلفبێی نوێ و کتێبی "شەمس"، دۆست و دڵسۆزی گەلی کورد، **لازۆ** (هاکۆب خازاریان)، ئەرمەنییەکی پەنابەر و کوردیزان، بوو.

---

[7] Zorabê Bûdî, The Kurds and the Caucasus. 2005

یەکەمین خوێندنگای کوردی هەر ئەو ســـاڵە لە هەتیوخانەی ئەشـــتەرەک (ئەرمەنســـتان) کرایەوە. نوورا عەگید ئاغا پۆلاتۆڤا و عەلیخانی ســـەردار شاگینۆڤ مامۆستای زمانی کوردی بوون.

ســـاڵی ١٩٢٢، لە تبلیســـیی پایتەختی جۆرجیا، نووســـەر و هونەرمەند و چالاکی کۆمەڵایەتی **ئەحمەدی میرازی** و **لازۆ**، خوێندنگای ئێوارانەی کوردی لە یانەی کرێکارانی کورد دەکەنەوە. زۆر ڕووناکبیر و ســـیاســـەتمەداری کورد، لەوانە: قاناتی کوردۆ، چەرکەزی بەکۆ، قاچاغی مراد، ســـەمەند سیابەندۆڤ، تیتال مورادۆڤ لەو خوێندنگایە دەستیان بە خوێندن کردووە.

لەو چەند ســـاڵەدا خوێندنگای کوردی لە گشـــت گوندە کوردییەکانی ئەرمەنستان کراوەتەوە، هەروەتر، خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ کەسە بەتەمەنەکان کراوەتەوە. پێویستە بگوترێت، چونکە ڕێژەی خوێندەوار لە ناو کورددا ئێجگار کەم بووە، مامۆســـتای خوێندنگا کوردییەکان زۆربەیان ئەرمەنییە پەنابەرەکانی باکووری کوردســـتان بوون، کە زمانی کوردییان باش زانیوە.

ساڵی ١٩٢٥، کۆنگرەی کوردانی قەوقازی باشوور لە حکومەتی ئەرمەنستان، داوای کردووە ئەلفبێیەکی کوردی لەســـەر بنچینەی پیتی لاتینی دابنرێت، چونکە ئەو ئەلفبێیەی بە پیتی ئەرمەنی بوو لە زۆر شـوێن قبووڵ نەکراوە.[8] پرسی ئەلفبێی نوێی کوردی لە جۆرجیا و ئازەبایجانیش گەنگەشە کراوە.[9]

[8] خ. چاتۆییڤ، ١٩٦٥، ل ١١٦

[9] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧

ســاڵی ١٩٢٨، ئیســحاق مارۆگوولۆڤ و عەرەبی شــەمۆ ئەو ئەرکە دەگرنە ئەســتۆ و ئەلفبێی نوێی کوردی لەســەر بنچینەی پیتی لاتینی دادەڕێژنەوە، ســەرەتای ســاڵی ١٩٣٠، لە ئەرمەنســتان و جۆرجیا بووە فەرمی، گشــت خوێندنگا کوردییەکان چوونە ســەر ئەو ئەلفبێیە. ســا ئەو ئەلفبێیە لە ئازەربایجان و تورکمانستانیش قبووڵ کرا و تا ساڵی ١٩٣٨ بەکار هێنراوە.

بۆ ئامادەکردنی مامۆستای زمان و وێژەی کوردی، ساڵی ١٩٣١ لە یەریڤان پەیمانگای پەروەردەی پشــتقەوقاز کراوەتەوە[10]. نووســەری مەزنی کورد **عەرەبی شەمۆ** یەکەمین بەڕێوەبەری پەیمانگاکە بووە.

ئاداری ســاڵی ١٩٣٠، دەســت بە چاپکردنی ڕۆژنامەی کوردیی "ڕیا تەزە" کراوە.

ئەم گۆڕانکارییانەی ژیانی کورد، بوونەتە هەوێنی ســەرهەڵدانی وێژەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤێت بە گشتی و لە کۆماری ئەرمەنستان بە تایبەتی.

هەرچەندە چەند بەرهەمێکی وێژەییش لە کتێبی "شەمس"ــدا هەبووە، بەڵام وێژەی کوردی لە یەکیەتیی ســۆڤێت بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "ڕیا تەزە" دەســتی پێ کردووە. نووســەرە کوردەکان یەکەمین بەرهەمەکانیان لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو کردووەتەوە، لە ڕێی ئەو ڕۆژنامەیەوە خوێنەرانیان دۆزیوەتەوە.

---

[10] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣

ڕاستە یەکەمین بەرهەمی ویژەیی بە زمانی کوردی، شانۆنامەی "کۆچەکێ دەرەوین"ی عەرەبی شەمۆ، ساڵی ١٩٣١ بڵاو بووەتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین، وەرگێڕان بناغەی ویژەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤێت داناوە. لەو ساڵانەدا گەلێک بەرهەمی نووسەرە ئەرمەنییەکان کە مژاری زۆربەیان ژینی کوردان بووە، کراونەتە کوردی و بڵاو بوونەتەوە. ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٣٧، دەورووبەری ١٥ کتێبی وەرگێڕدراو لە ئەرمەنی و ڕووسییەوە چاپ کراوە. وەرگێڕەکانیان حەجیی جندی، ئەمینی عەبداڵ، جاسمی جەلیل، ڕووبێن درامپیان و قاچاغی مراد بووە.

ئەو وەرگێڕانانە بوونەتە ئەزموونێکی باش بۆ ڕسکاندنی نووسین و پێشخستنی زمانی نووسەکی.

ساڵی ١٩٣٢، ئەمینی عەبداڵ، کەشکۆڵی نووسەرانی کورد بە ناوی "ئەفراندنا ئەولین" بڵاو کردووەتەوە. بەرهەمی یەکەمین شاعیرە کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤێت، لەوانە حەجیی جندی، ئەمینی عەبداڵ، عەتاری شەرۆ و چەندینی دیکەی لە خۆ گرتووە. ئەو کەشکۆڵە وەرگێڕانی لە زمانی ئەرمەنییشەوە تێدا بووە.

زۆربەی شیعرەکانی ئەو پێرە، پیاهەڵدان بە شانوباڵی دەوڵەتی سۆڤێت و سوپای سوور و سیستەمی سۆسیالیزم بووە. بڕێک شیعریشی دژی دابونەریتی کۆنی تێدا بووە.

دووەم کەشکۆڵ ساڵی ١٩٣٤ بڵاو بووەتەوە. ژمارەی نووسەرانی ئەمەیان هەڵکشاوە. لە پاڵ شاعیراندا، چیرۆکنووسیشی تێدا بووە.

سێیەم کەشکۆڵ ساڵی ١٩٣٦ بڵاو بووەتەوە، بە شارەزایی و لێهاتوویی نووسەری هەردوو کەشکۆڵەکەی پێشوو دانراوە. ئەم کەشکۆڵە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە.

ناوەڕاستی ٣٠ـیەکان، بواری ویژەیی بە گشتی گەشاوەتەوە، ڕێژەی نووسەر و چاپبوونی پەڕتووکی کوردی برەوی سەندووە.

ساڵی ١٩٣٥، عەرەبی شەمۆ پەڕتووکی "شڤانێ کورمانجا" و "کوردێ ئەڵەگەزێ" بڵاو دەکاتەوە. ڕۆمانی "شڤانێ کورمانجا"، لە بەسەرهاتەکانی ژیانی دانەرەکەیەوە هەڵهێنجراوە و بە یەکەمین ڕۆمانی کوردی دادەنرێت. بە وەرگێڕانی گەلێک زمانیش بڵاو بووەتەوە.

دیسان ساڵی ١٩٣٥، ئەحمەدی میرازی شانۆنامەی "زەمەنێ چوویی" و وەزیری نادری شانۆنامەی "ڕەڤا ژنێ"یان بڵاو کردووەتەوە.

بۆ یەکەمین جار لە ویژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێتدا، لە شانۆنامەکەی ئەحمەدی میرازیدا، باسی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستان کراوە.

دیسان ساڵی ١٩٣٥، ئەمینی عەبداڵ دیوانێکی شیعریی بۆ منداڵان بە ناوی "بهار" بڵاو کردووەتەوە.

لە نێوان ساڵی ١٩٣٥-١٩٣٧، عەرەبی شەمۆ و حەجیی جندی و ئەمینی عەبداڵ و چەردۆی گەنجۆ و جاسمی جەلیل و وەزیری نادری و ئەحمەدی میرازی و عەتاری شەرۆ بەرهەمە ویژەییەکانیان بە چاپ گەیاندووە.

سالّی ١٩٣٢، بەشی نووسەرانی کورد لە یەکیەتیی نووسەرانی ئەرمەنستان دامەزراوە. لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا سالّی ١٩٦٦، حەجیی جندی سەرۆکی بووە. دوای حەجیی جندی، کارلێنی چاچانی بووەتە سەرۆکی ئەو بەشە.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، سالّی سییەکان، کورد سەرباری هەوڵەکانی ڕووبێن درامپیان و هۆڤاکیم مارگاریانی ئەرمەنی و ئیسحاق مارۆگوولۆڤی ئاشووری، بەرهەمە وێژەییەکانیان نووسیوە[11].

سالّی ١٩٢٩ تا ١٩٣٧، پتر لە ٧٠ کتێب بە زمانی کوردی لە ئەرمەنستان چاپ کراوە. ٢٠ کتێبیان تایبەت بە خوێندنگا بووە.

وێژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێتی سالّی ١٩٣٠ـەکان، زۆر جار بە «وێژەی هەتیوان» ناودێر کراوە. زۆربەی نووسەرەکانی ئەو سەردەمە: حەجیی جندی و ئەمینی عەبداڵ و جەردۆی گەنجۆ و جاسمی جەلیل و یووسفی بەکۆ و هەندێکی دیکە، لە هەتیوخانە گەورە بوون و لەوێ فێری خوێندنەوە و نووسین بوون.

هەندێکیان لە هەتیوخانەدا زمانی کوردییان لە بیر چووەتەوە. پاش گەڕانەوەیان بۆ ناو گەلەکەیان، سەرلەنوێ فێری کوردی بوونەتەوە. سا چونکە لەو سەردەمەدا خوێندەواری وەک ئەوان لەناو کوردانی ئەرمەنستاندا نەبووە، ناچار باری پێشخستنی زمان و چاندی کوردییان لە ئەستۆ گرتووە.

[11] هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩

هەندێکیان بە گوێرەی خواستی سەردەمەکە بوونەتە نووسەر، ئەوانی دیکە، هەر لە مەیدانی نووسـەرانی کوردانـدا بوونە، دەسـتیان بۆ پێنووس و نووسین نەبردووە.

لەمەڕ نەوەی نووسـەرە کوردەکـانی ئەرمەنسـتـان، تۆمـاس بۆیس لە «ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام»دا دەنووسێت:

«ئەوانەی سـەرقافڵەی ئەم بوارە بوون، زۆربەی زۆریان ئێزیدییە پەنابەرە نەخوێنـدەوارەکـانی تورکیـا بوون. سـوودیـان لەو هەلومەرجە نوێیە کۆمەڵایەتییە وەرگرتووە و قۆسـتوویانەتەوە. کەمترین زانیارییان لەسـەر چاندی ئیسـلامی هەبووە، هیچ پەیوەندییەکیان بە دەسـتەبژێرە ڕۆشـنبیرە کوردەکانی دیکەوە نەبووە، بەرهەمەکانیشـیان زۆر جاران ئایدۆلۆژی بووە، بەڵام بە هونەری خوازەیی.»[12]

سـاڵی ١٩٣٤، لە یەریڤان، کۆڕی کوردناسی گێڕدراوە. سـەرەڕای کوردناس لە کۆماری قەوقازی باشـوور و تورکمانسـتانەوە، کوردناس لە مۆسـکۆ و لێنینگرادیشـەوە بەشـداریی کۆڕەکەیان کردووە. لە کۆڕەکەدا پرسـی پێشخستن و دامەزراندنی زمانی ستانداردیش تاووتوێ کراوە.

کۆڕەکە پێشـنیاری کردووە پتر گوێ بە پێشـخسـتنی زمانی کوردی و زاراوەی کوردیی ئەرمەنسـتان بدرێت، هەروەتر، بناغەی زمانی سـتانداردی کوردی دابنرێت.

---

[12] The Encyclopedia of Islam, 1986, c. V, 483

لەو ســـــالانەدا هەولێکی بەپێز بۆ پەرەپێدان و چاپکردنی فۆلکۆری کوردی دراوە. ئەوەندە بەســـــە لێرەدا کتێبی «فۆلکلۆرا کورمانجا» وەبیر بهێنینەوە؛ ســـالی ١٩٣٦ لە لایەن حەجیی جندی و ئەمینی عەبدالەوە لە دووتوێی ٦٦٣ لاپەڕەدا بڵاو کراوەتەوە، گەلێک داســتان و چیرۆک و ســترانی کوردیی تێدا هەلگیراوە[13].

بەرهەمی نەوەی یەکەمی نووسەرە کوردەکان بە ئاستەم ملیان بۆ داخوازیی سیاسەتی سەردەم داوە؛ وەک بڵێی گشتیان لەسەر سۆسیالیزم و ئازادی و یەکسانیی ژن و زۆرداریی چینی بالادەست و مەیدانی نەهێشتنی دابونەریتی کۆنیان نووسیووە[14].

تۆماس بۆیس لەمەڕ وێژەی کوردیی ئەو ســالانەوە دەنووســێت: «ڕاســتە بەرهەمی کوردانی یەکیەتیی ســــۆڤێت بە زمانی کوردین، بەلام هەســـــتی نەتەوەییان تێدا نییە[15]. گەر بۆ نووســــــەرە کوردەکانی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤێت ولات و نیشتمان خاکی کوردستان بووە، بۆ نووسەرە کوردەکانی یەکیەتیی ســـۆڤێت نیشـــتمان گوندەکەی خۆیان بووە، ئەرمەنســـتان بووە، یەکیەتیی سۆڤێت بووە[16]«.

دەکرێت تا ڕادەیەک پشتڕاستی ئەم لێدوانەی تۆماس بۆیس بکرێتەوە.

---

[13] فۆلکلۆرا کورمانجا، ١٩٣٦

[14] Thomas Bois, *The Kurds*, 1966, 133

[15] Thomas Bois, Coup d'œil sur la littérature kurd” 1955. 201-39

[16] هەمان سەرچاوە

ســـــەرەڕای کەموکورتیی لە لایەنی زمـان و نـاوەڕۆکەوە، نەوەی یەکەمی نووســـەرانی کورد بە پاشـــخانێکی بەتاڵەوە کۆ بوونەتەوە تا بناغەی وێژەی کوردییان لە یەکیەتیی ســـــۆڤێت داناوە و چەند بەرهەمێکی گرنگیان بڵاو کردووەتەوە. لە لایەنی زمانیشەوە هەنگاوی مەزنیان ناوە.

وەک دەبینین، وێژەی کوردی لە یەکیەتیی سـۆڤێت بە پاشـخانێکی بەتاڵەوە، بەبێ هیچ ئەزموونێکی وێژەی کلاســـیـک و هـاوچەرخی کوردییەوە، بە وەرگێڕان دەستی پێ کردووە و بێگومان کاریگەریی وێژەی لێوەرگێڕدراوی بەسەرەوە بووە، لەوانە وێژەی ئەرمەنی و ڕووسی. ئەو کاریگەرییە بەر لە هەموو شــــتێـک بە نـاوەڕۆکەوە دیـارە. لە وێژەی کوردیـدا، وەک وێژە ناوبراوەکان، مژاری سەرەکییان پیاهەڵدان بە سۆسیالیزم و برایەتیی گەلان و ژیانێکی بەختەوەر بووە. هەر بۆیە وێژەی کوردی لەو ســــاڵانەدا لاواز بووە، ئەو فرەڕەنگی و فرەدەنگییەی لە وێژەی ئەرمەنی و ڕووســــەکاندا هەبووە، لە وێژەی کوردیـدا نـابینرێت. ئەو دیـاردانە لە وێژەی کوردیـدا، دوادواییەکانی ساڵی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو دەرکەوتوون.

وەک پێشــــتریش ئاماژەمان پێ دا، زۆرینەی نەوەی یەکەمی نووســــەرە کوردەکان لە هەتیوخانە گەورە بوون، بۆیە کوردییەکەیان لاروولەوێر بووە. دەتوانین بڵێین زمانی یەکەمیان بووەتە ئەرمەنی. ئەمەیش لای هەندێکیان تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بووە. لەبەر ئەو کاریگەرییەی ئەو ساڵانەی زمانی ئەرمەنی لەســـەر زمانی کوردی هەبووە، هێشـتا هەندێک دەربڕین یەکســەر پێکهاتەی زمانی ئەرمەنیی تێدا دەناســـیتەوە، هەر دیارە داڕشـــتنەوەکەی کوردی نییە.

بەرهەمەکانی عەرەبی شەمۆ و ئەحمەدی میرازی لە لایەنی زمانەوە سەرکەوتوو بوون.

هەروەها کاریگەریی ویژەی ئەرمەنی و ڕووسی بە شێوازی هۆنینەوەی هۆنراوەیشەوە بەرچاوە.

وەک چۆن تۆماس بۆیس دەستنیشانی کردووە[17]، نووسەرانی نەوەی یەکەم دەستیان خستووەتەوە ناو داستانەکانی فۆلکلۆری کوردییشەوە (زۆر جاران بۆ کتێبی خوێندنگا)، داستانە فۆلکلۆرییەکانیان هێناوە و ناوەڕۆکەکەیان نەختێک گۆڕیوە (گێڕەوکێشەی چینایەتییان تێ ئاخنیوە)، سەرلەنوێ بە شێوازی خۆیان دایانڕشتووەتەوە. پێویستە بگوترێت، لەو کارەدا سەرنەکەوتن. گێڕانەوەکانی ئەوان لە بیر چوونەوە، کەچی دیسانەوە فۆلکلۆر وەک خۆی بە پاکژی و ڕوونی مایەوە.

نموونەی گێڕانەوەی سەرکەوتووی فۆلکلۆر، دوای سالی شەستەکان دەرکەوتووە، بە تایبەت لە بەرهەمی "ئوسڤێ نەڤیا" و "خەونا میرمح"ـی فێریکی یووسف.

سالی ١٩٣٠ لە ئازەربایجان بواری بەرەوپێشچوونی زمان و چاندی کوردی ڕەخسابوو. لەو سالە تا ١٩٣٨ لەو کۆمارەی سۆڤێتدا، دەورووبەری ٣٠ کتێبی کوردی چاپ بووە، زۆربەیان کتێبی خوێندنگا بووە[18].

[17] Thomas Bois, The Kurds,1966, 134

[18] ن. ڕزاییڤ، ٢٠٠٦

له نووســـــەرە کوردەکانی ئازەربایجانی ئەو ســـــەردەمە دەتوانین ئاماژە بە مووسەیب ئاخووندۆڤ بدەین[19].

له تورکمانستان له ساڵی ۱۹۳۰ تا ۱۹۳۸، تەنیا شەش کتێبی خوێندنگا چاپ بووە[20].

له ئازەربایجان و تورکمانســـتان، دوای ۱۹۳۸ تا هەڵوەشـــانەوەی یەکیەتیی سۆڤێت، هیچ کتێبێکی کوردی چاپ نەبووە.

له ئەرمەنستانیش، وەک کۆمارەکانی تری یەکیەتیی سۆڤێت، ساڵانی زوڵم و زۆری ڕژێمی ســـتالین (۱۹۳۷-۱۹۳۸) تەگەرە خراوەتە بەرەوپێشـــچوونی زمان و چاندی کوردی. خوێندنگا کوردییەکان، پەیمانگای پەروەردەیی، ڕۆژنامەی "ڕیا تەزە"، بەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆ، با بڵێین زۆربەی شـــتە کوردییەکان، بەدەر له شانۆی کوردیی ئەڵەگەز، داخراوە. شانۆی کوردییش له ساڵی ۱۹٤۷ داخراوە. چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردییش ڕاگیراوە.

ئەلفبێی کوردی لەســەر بنچینەی پیتی لاتینی، وەک "ئەلفبێی ئیمپریالیســتان" نـاودێر کراوە و ڕێ بە بەکـارهێنـانی نەدراوە. زۆر ڕووناکبیر و نـاوداری کورد بە تاوانی بێبنەما خراونەتە زیندانەوە و ڕاگوێزران: عەرەبی شـــەمۆ، حەجیی جندی، چەردۆی گەنجۆ، ئەحمەدی میرازی، جانگیر ئاغا، شـــامل تێموورۆڤ...

---

[19] ئاریستۆڤا، ت. ف.، ۱۹٦٦، ل۱۹٤

[20] فەرهاد پیرباڵ، ۲۰۰۸

بەشـــێکی کوردانی ئەرمەنســـتان و ئازەربایجان لە ســـاڵی ١٩٣٧، ئەوانەی جۆرجیایش لە ســـاڵی ١٩٤٤، بەرەو کازاخســـتان و ئاســـیای ناوەڕاســـت ڕاگوێزران. ئیدی پاشەڕۆژ هەلی گەڕانەوەیان بۆ نەڕەخساوە.

دوای ســاڵی ١٩٣٨، کاتێک زمانی کوردی ڕێبەند کراوە، چەند نووســەرێکی کورد، لەوانە ئەمینی عەبـداڵ و جـاســـمی جەلیـل، بەرهەرمەکـانیـان بە وەرگێڕانی ئەرمەنی بڵاو کردووەتەوە.

چونکە ئیدی ئەلفبێی کوردی لەســـەر بنچینەی پیتی لاتینی بەکار نەهێنراوە، ســـاڵی ١٩٤١ حکومەتی کۆماری ئەرمەنســـتان بریاری داوە ئەلفبێی کوردی لەســـــەر بنچینەی پیتی کیریلی دابنرێت؛ ئەو ئەرکەیش بە حەجیی جندی ڕاسپێردراوە و تا ساڵی ١٩٤٤ ئامادەی کردووە.

گەرچی زوڵم و زۆری ســـاڵی ١٩٣٧-١٩٣٨ ڕێیەکانی پێشـــوویان لە ویژەی کوردی لە یەکیەتیی ســـۆڤێت گرتووە، چەند نووســـەر و ڕووناکبیری کورد خراونەتە زیندانەوە، ڕاگوێزران، کەچی دیســـــانەوە نووســـــەرە کوردەکانی کۆماری ئەرمەنستان توانیوویانە دوو کەشکۆڵ (١٩٤٨، ١٩٥٤) بڵاو بکەنەوە و چرای ویژەی کوردی لە ئەرمەنســـــتـان بە هەڵکراویی بهێڵنەوە. لەو ســـالانەیشـــدا حەجیی جندی کۆمەڵەچیرۆکی "ســـبا تەزە" (١٩٤٧) و چەند بەرهەمێکی زانستیی لەسەر فۆلکلۆر بە زمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە[21].

ســـــاڵی ١٩٥٥، زۆربەی ئەو دەزگای کوردییانەی ســـــەردەمی دیکتاتۆریی ســتالین داخرابوون، دیســان کرانەوە؛ ســەرلەنوێ دەســت بە بڵاوکردنەوەی

[21] کەر و کولکێ سلێمانی سلیڤی ١٩٤١، شاخێن ئێپۆسا 'کۆرۆخلی'یێن کورد. ١٩٥٣

ڕۆژنامەی "ڕیا تەزە" و بەرنامە ڕادیۆییەکانی بە زمانی کوردی کرایەوە، بەشـــی نووســـەرانی کورد بە ناو هەر مابوو، کارەکانی پتر گەشـــاندەوە، ڕێژەی چاپبوونی کتێبی کوردی زیاتر بوو.

هەرچەندە خوێندنگا کوردییەکان نەکراونەتەوە، بەڵام لە خوێندنگای گوندە کوردییەکاندا، لە پۆلی دوو تا هەشت، حەفتەی دوو کاتژمێر زمان و وێژەی کوردی خوێندراوە.

بۆ پێگەیاندنی مامۆســـتای زمان و وێژەی کوردییش، بەشـــی کوردی لە پەیمانگای پەروەردەی ئەرمەنی کراوەتەوە.

ســـاڵی ١٩٥٩، لە بەشـــی ڕۆژهەڵاتناســـیی ئەکادیمیای زانســـتیی کۆماری ئەرمەنســـتان، بەشـی کوردناسـی کراوەتەوە. لەوێ دەسـت بە لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوو و فۆلکلۆری کوردی کراوە. ســـاڵی ١٩٦٨، بۆ ئامادەکردنی کادری کوردناسـی، بەشـی کوردناسـی لە کۆلێژی ڕۆژهەڵاتناسـیی زانکۆی یەریڤان کراوەتەوە.

دوادواییەکانی پەنجاکان و ســەرەتای شــەســتەکان گۆڕانکارییەکی مەزنی ئابووری و ڕامیاری بەسـەر ژیانی کوردانی کۆماری ئەرمەنسـتاندا هاتووە، ئازادیی ڕادەبڕینیش زۆروزەبەند بووە. لەو ســـاڵانەدا ڕێژەی خوێندکاری کورد لە زانکۆکاندا زۆر زیاتر بووە.

ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی لە ژیانی کوردانی کۆماری ئەرمەنستاندا ڕوویان داوە، نووسەر وەزیری ئەشۆ بە "ڕێنێسانس" ناوی هێناوە[22].

ئەم گۆڕانکارییانە هەستی نەتەوەییيان بەهێزتر کردووە، مژاری وڵاتی باوکوباپیران لە وێژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێتدا بە مەردانە شوێنی خۆی گرتووە، ئەو بۆشاییيانەی لەو بوارەدا هەبووە پڕی کردوونەتەوە. گەر پێشتر شیعری کوردی پەسندانی ژیانی "شادی و بەختەوەری" بووبێت، پەسندانی یەکیەتیی سۆڤێت و سەرۆکە بچووک و گەورەکانی بووبێت، ئەمجارە بەرهەمی نوێ دەرکەوتووە، هەستی زیندووی مرۆڤایەتی لە وێژەی کورداندا جێی خۆی گرتووە[23] .

لەمەڕ پرسی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییەوە؛ شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر، ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە. ئەوە شۆڕشێکی نوێی بیر و باوەڕی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێت بووە.

هەرچەندە چەند ڕووناکبیرێکی کورد ئاگاداری شۆڕشی ئەیلوول بوون، لێ ئەو شۆڕسە بۆ کوردانی سۆڤێت لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا هەڵگیرساوە، کاتێک بۆ یەکەمین جار، یەکیەتیی سۆڤێت بە شێوازێکی ئاشکرا پشتگیریی گەلی کورد و شۆڕشی باشووری کوردستانی کردووە.

---

[22] وەزیریێ ئەشۆ، ١٩٩٩

[23] تۆسنێ ڕەشید، ١٩٩٦

تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە سەرانسەری یەکیەتیی سۆڤێت باسی کوردیان دەکرد، تێکۆشانەکەیان بە ڕاست لە قەڵەم دەدا و پشتگیریی شۆڕشەکەیان دەکردن. چەند کتێبێکیش لەبارەی ئەو دیرۆک و سەرهەڵدانەی کوردەوە چاپ بووە.

بە هۆی یەکیەتیی سۆڤێتەوە، مەنگۆلیا پرسی کوردی بردووەتە نەتەوە یەکگرتووەکان.

ناسینی مافە نەتەوەییەکانی کورد و پشتگیریی شۆڕشەکەیان بۆ هۆشیاربوونەوە و خۆناسینی نەتەوەیی، لای کوردانی یەکیەتیی سۆڤێت گورێکی مەزن بووە، هەستی کوردپەروەریی لە لایان بەهێز کردووە. دەتوانین بڵێین، بە بۆنەوەی ئەو شۆڕشەوە بۆ یەکەمین جار کوردانی یەکیەتیی سۆڤێت وەک بەشێکی گشتی لە گەلی کورد خۆیان بینیوە.

ئەم وشیاربوونەوە نەتەوەییە لە کورتەماوەیەکدا کاردانەوەکەی دەرکەوتووە. خوێندکارە کوردەکان، پاییزی ئەو ساڵە لە یەریڤان، کۆمەڵەیەکیان بە ناوی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد" دامەزراندووە. ئەوە لە سەرانسەری یەکیەتیی سۆڤێت یەکەمین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بووە، لەسەر بنەمای نەتەوەیی بنیاد نراوە.

ئامانجی کۆمەڵەکە، بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی کوردپەروەری لە ناو یەکیەتیی سۆڤێتدا بووە. پاش ماوەیەک لە تیبیلیسییش (پایتەختی کۆماری جۆرجیا) کۆمەڵەیەکی لەو شێوازە پێک هێنراوە.

زۆر سـروودی نیشـتمانپەروەری هۆنرایەوە و لە بەشـی کوردیی ڕادیۆی یەریڤان بڵاو دەکرانەوە.

دوادواییەکانی ساڵی پەنجاکان و دەستپێکی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، ڕێژەی خوێنەری ویژەی کوردی هەڵکشابوو.

وشیاربوونەوە و خۆناسینی نەتەوەیی، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر چاند و ویژەی کوردانی سـۆڤێت داناوە. ئەمجارە مژاری کوردسـتان، تێکۆشـانی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، لە ویژەی کوردانی یەکیەتیی سـۆڤێتدا بابەتێکی سـەرەکی بووە. ئەو بابەتە بەر لە هەموو شـتێک لە شـیعری کوردیدا دەرکەوتووە.

ئەم گۆڕانکارییانەی مژار و ناوەڕۆک، هونەرمەندی و شـێوازی تازەی نووسینیان ویستووە.

نووسەرە کوردەکان ویستوویانە بە تەواویی لە کاریگەریی ویژەی ئەرمەنی و ڕووسـی ڕزگاریان ببێت و ئەمەیان بۆ چووە سـەر. قاچاغی مراد[24] و فێریکی یووسـف[25] و شـکۆی حەسـەن[26] بەرەو شـیعری کلاسـیکی کوردی گەڕاونەتەوە؛ لە ڕێی نوێکردنەوەی شـیعری کلاسـیکەوە ویسـتوویانە

[24] ‘‘شەوق" ١٩٥٩، "گولپەری" ١٩٦٣، "باهارا تەزە" ١٩٦٦ و "گاڤا چارا" ١٩٧٠، "نارێ" ١٩٧٧، "حسرەتنەمە" ١٩٨٤

[25] “جەڤکانی" ١٩٦١، "گوڵا ئەڵەگەزێ" ١٩٦٤، "لیریکا" ١٩٦٧، "ئووسڤێ نەبییا" ١٩٧٠

[26] “قاڵچیچەک" ١٩٦١، "تەمبوورا کورد" ١٩٦٥، "مەرەمێ دڵی کورد" ١٩٧١ و "پەروازا وەلات" ١٩٧٧

ڕێچکەیەکی نوێ بشـــکێنن. میکائیلی ڕەشـــید[27] فۆرم و شـــێوازی شـــیعری ئەورووپیی هێناوەتە ناو وێژەی کوردییەوە، وەک بڵێی دەســـتێک جلوبەرگی کوردیی لەبەر کردوون.

ئەم گۆڕانکارییانە ئیدی لە دوادواییەکانی ســـاڵی پەنجاکاندا، لە بەرهەمی چەند نووســـەردا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە دەســـتپێکی شـــەســـتەکاندا، بە بەرهەمی فێریکی یووسف (چاڤکانی، ١٩٦١) و شکۆی حەسەن (قالچیچەک، ١٩٦١) لە وێژەی کوردانی ئەرمەنستاندا گەیشتووەتە ترۆپک.

لەو ســـاڵانەدا نەوەی یەکەم[28] زۆر بەرهەمی بەپێزیان گەیاندووتە دەســـتی خوێنەری کورد.

ســـاڵی شـــەســـت و حەفتاکانی ســـەدەی ڕابوردوو، ســـەرەڕای شـــاعیرە ناوبراوەکان، یووســـفی بەکۆ[29] و ســـمۆی شـــەمۆ[30] و ســـهیدی ئیبۆ[31] و

[27] "دڵێ من" ١٩٦٠، "وەدە" ١٩٦٦، "شەمس" ١٩٧٠، "پەنجەرە" ١٩٧٤، "متاڵە" ١٩٧٨، "عیساف" ١٩٨٤، "ڕێدامە" ١٩٨٥. میکائیلی ڕەشید لە هەتیوخانەی ئەرمەنییەکاندا گەورە بووە و لەوێ زمانی کوردیی لە بیر چووەتەوە. کتێبەکانی سەرەتای بە زمانی ئەرمەنی و ڕووسی چاپ کردووە.

[28] "گوڵێزەر" ١٩٥٦، "مەم و زین" ١٩٥٩، "شێعران و پۆیێمان" ١٩٦٣

[29] "کەسکەسۆر" ١٩٦١، "حسرەتا من" ١٩٦٣، "مێڤانێ ڕۆژێ" ١٩٦٦، "ئەفراندنێ تەزە" ١٩٦٩، "پایز" ١٩٧١

[30] "نوور" ١٩٦١، "خەتێن حوبێ" ١٩٦٧، "ئەز و عێل" ١٩٧٤، "گوڵا گەلی" ١٩٧٩، "دڵێ بەنگی" ١٩٨٩

[31] "قورنا من" ١٩٦٣، "بیست ساڵێ دن" ١٩٧٠، "سینەم" ١٩٧٥، "ئازایی" ١٩٨٨

کارلێنی چاچانی[32] و عەگیدی شەمسی[33] و ڕزعالیی ڕەشید[34] و عەسکەری بۆیک[35] و تۆسنی ڕەشید[36] دیوانەشیعریان بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٧١، چەرکەزی ڕەش[37] کتێبێکی بە ناوی "شۆڕشا خەبەرا" بڵاو کردووەتەوە.

وێژەی کوردیی ئەو سەردەمە تایبەتمەندییەکی هەبووە؛ وەک دەزانین یەکەمین نەوەی نووسەرانی کوردی یەکیەتیی سۆڤێت لە هەتیوخانە، دوور لە کۆمەڵانی کورد گەورە ببوون، بەڵام دواییەکانی پەنجاکان و دەستپێکی شەستەکان، زۆر نووسەر هاتنە مەیدانەی وێژەی کوردییەوە، ئەوانەی لە گوندە کوردییەکاندا، لە کۆمەڵە کوردییەکاندا گەورە بووبوون، شێوازی بیرکردنەوەیان کوردییەکی پاراو بووە. گەرچی وشەی عەرەبی لە زمانەکەیاندا هەبووە[38]، بەڵام پێکهاتەکەی کوردی بووە، بەرهەمەکانیان بۆنوبەرامەی کوردی لێ هاتووە.

---

[32] "گوڵ" ١٩٦٠، "دڵ و وەتەن" ١٩٦٢، "بەربانگا وەتەنێ من" ١٩٦٧، "باقە تەڤ" ١٩٧٢، "زەرێ" ١٩٨١، "زنێ" ١٩٨٤، "ئازێ" ١٩٨٨

[33] "شەمدین" ١٩٦٤، "هیڤەرۆن" ١٩٦٧، "حەسرێد بهارە" ١٩٧٦، "سمڵ" ١٩٨٩

[34] "بەرب تەڤێ" ١٩٦٥، "خەم و خەیاڵ" ١٩٧٩، "حەیر و گومان" ١٩٨٩

[35] "شڤەرێ" ١٩٦٦، "کولیلکێ چیا" ١٩٧٥، "تیرێنج" ١٩٨٧

[36] "کڵامێ ڕێ" ١٩٧٥، "زۆزان" ١٩٨٤، "نیڤرۆ" ١٩٨٧

[37] "شۆڕشا خەبەرا"، ١٩٨٧

[38] لە وێژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێتی جاراندا، هێشتا تووشی زۆر وشەی عەرەبی دەبینەوە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە، ئەو وشانە لە زمانی گەلدا هەبووە، لە فۆلکلۆری کوردیدا هەبووە و ئەوانەی عەرەبییان نەزانیوە بە کوردییان داناوە. نووسەرە کوردەکان بەر لە هەموو شتێک دوورەپەرێزیان لە وشەی ڕووسی و ئەرمەنی گرتووە.

لەو ساڵانە میرۆی ئەسەد و سیامەند سیابەندۆڤ و خەلیل موورادۆڤ و ئۆردیخانی جەلیل دیوانەشیعریان بڵاو کردووەتەوە.

زۆر بەرهەمی منداڵانیش لە بەرهەمی نووسەرە کوردەکاندا هەبووە، بەڵام کتێبەکانی کارلینی چاچانی (شێر و کەو، ١٩٦١) و میکائیلی ڕەشید (پشکا من، ١٩٦٥) و سمۆی شەمۆ (حکایات دەرحەقا بالچێمکێدا، ١٩٧١)، بە تایبەتی بۆ منداڵان بووە.

شەرەفی عەشیر دیوانی ساتیرە سەرنجڕاکێشەکانی بە ناوی " گەزگەزک" (١٩٧٩) بڵاو کردووەتەوە.

هەنگاوی گەورەیش لە بواری پەخشاندا نراوە. عەرەبی شەمۆ ڕۆمانی (بەربانگ، ١٩٥٨)، (ژیانا بەختەوار، ١٩٥٩)، (هۆپۆ، ١٩٦١) و (دمدم، ١٩٦٥) بڵاو کردووەتەوە.

"بەربانگ" درێژەی ڕۆمانی "شڤانا کورمانجا" بووە. "دمدم" ڕۆمانێکی مێژووییە، باسی سەرهەڵدانی کوردە لە ساڵی ١٦٠٨ تا ١٦١٠. حەجیی جندی ڕۆمانی "هەواری"، عەلیی عەبدوولڕەحمان چیرۆکی "خاتێ خانم" و ڕۆمانی "گوندێ مێرخاسا" و "شەڕێ ل چیا"، سهیدی ئیبۆ ڕۆمانی "کوردێ ڕێوی"، عەگیدی خودۆ ڕۆمانی "دێ و دێماری"، عەزیزی گەردەنزەری ڕۆمانۆچکەی "فینجانا فەیفووری"، چاپ کردووە. ئەحمەدی میرازی کتێبیکی "بیرئانیێن من" بڵاو کردووەتەوە، یەکەمین نموونەی وێژەی بیرەوەرییە لە وێژەی کوردانی سۆڤێتدا. بەداخەوە، ئەو کتێبە بەپێزە بە لێبڕینێکی زۆرەوە گەیشتووەتە دەستی خوێنەر.

پێویسـتە ئاماژە بەوە بدرێت، سـەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم زۆرینەی ئێزیدییەکانی سـەرحەد کوژراون، کۆچیان کردووە و هەڵهاتوون تا لە برسان نەمرن، دواتر گەیشتوونەتە ئەرمەنستان، یەکیەتیی سۆڤیت داڵدەی داون. ئەم ڕووداوانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵی کوردانی ئێزیدی داناوە و زۆر جار گێڕاویانەتەوە. هەر بۆیە لە بەرهەمی نووسـەرە کوردە ئێزیدییەکان تووشی ئەم مژارە دەبینەوە. لە ڕۆمانی "بەربانگ" و "هەواری" و "کوردێ ڕێوی"ـدا بەرەوڕووی دەبینەوە. لە ڕۆمانی "ژیانا بەختەوار"ـی عەرەبی شـەمۆیشـدا ئەو مژارە پانتاییەکی گرنگی داگیر کردووە. دەتوانین بەرهەمی "بیرئانینێن من"ی ئەحمەدی میرازییش بخەینە پاڵ ئەم ڕۆمانانەوە.

هەرچەنـدە لە بواری ڕۆمـانی کوردیـدا هەنگـاوی بەپێز نراوە، بەڵام دەستکەوتی گرنگ لە بواری کورتەچیرۆکدا هاتە ئاراوە. لەو ساڵانەدا سیما سـەمەند ("غەزاڵ"، ١٩٦١، "دو شـایی"، ١٩٦٧، "گومان"، ١٩٨٢)، سـهیدی ئیبۆ ("دوریان"، ١٩٦٤)، ئەمەریکی سـەردار ("دەسـتێ دێ"، ١٩٧٤، "ئیدی دەرەنگ بوو، ١٩٧٩ و "دەنگێ دل"، ١٩٨٤)، وەزیری ئەشۆ ("مزگینی"، ١٩٧٦، "دەنگبێژ کال ببوو"، ١٩٨٢، "پامپ-سـیپان"، ١٩٨٦)، خەلیل مورادۆڤ ("مۆریێ نەنێ"، ١٩٦٩)، ئەحمەدی هەپۆ ("ئـادار"، ١٩٦٥، "ئەمر گول ڤەددە"، ١٩٧٥)، بـابـای کەلەش ("نیشـانی"، ١٩٨٨)، عەسـکەری بۆیـک ("ل چیـا"، ١٩٩١) کۆمەڵەچیرۆکیـان چـاپ کردووە، فرەدەنگی و فرەڕەنگی مژار و بـابەتی نووسینیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە.

دوای سـەرلەنوێ خسـتنەوەگەڕی بەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆی یەریڤان، چەند شانۆنامەیەکی ڕادیۆیی نووسراوە و لە ڕادیۆدا بڵاو کراوەتەوە.

دواییەکانی ساڵی شەستەکان لە شاری تبلیسی (جۆرجیا) و لە گوندی ئەڵەگەز (ئەرمەنستان) شانۆی کەلەپووری کوردی کراوەتەوە، شانۆنامە بۆ ئەو شانۆیانە نووسراوە. لەو شانۆنامانە: "زەواجا بێ دڵ"ـی ئیسماعیلی دووکۆ، "سنجۆ قیزا خوە دەدە مێر" و "مەم و زین"ـی عەسکەری بۆیک و "سیابەند و خەجێ"ـی تۆسنی ڕەشید وەک کتێب بڵاو بوونەتەوە[39]. ڕاستە بینەران پێشوازییەکی زۆریان لەو شانۆگەرییانە کردووە، بەڵام دیسانەوە شانۆنامە لە وێژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێتدا لاواز بووە.

ساڵی ١٩٨٢ تا هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤێت، کەشکۆڵی ساڵانە بە ناوی "باهارا تەزە"، دواتر بە ناوی "باهار"، بڵاو بووەتەوە. چونکە چاپکردنی کتێبی کوردی سنووردار کرابوو و زۆر جاران نووسەر ساڵانێک چاوەڕێی چاپبوونی بەرهەمەکەی بووە؛ ئەو کەشکۆڵانە هەلیان بۆ نووسەران ڕەخساندووە تا بەرهەمە نوێیەکانیان بگەیەننە خوێنەران. بەرهەمی گشت نووسەرە کوردەکانی کۆماری ئەرمەنستان لەو کەشکۆڵانەدا جێیان گرتووە و هیی بەپێزیشیان زۆر تێدا بووە.

نەریتی وەرگێڕان لای نووسەرە کوردەکان تا هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤێت بەردەوام بووە. حەجیی جندی، سەرەتای سییەکان دەستی دابووە وەرگێڕان، ساڵی پەنجا و شەستەکانیش درێژەی پێ داوە. لە ساڵی شەستەکاندا ئەمەریکی سەردار، وەزیری ئەشۆ، عەگیدی خودۆ، فێریکی

[39] ئیمساعیلێ دووکۆ، ١٩٦٦. عەسکەرێ بۆیک ١٩٧٨، عەسکەرێ بۆیک، ١٩٩٠. تۆسنێ ڕەشید، ١٩٨٨

یووسف و چەند نووسەرێکی دیکە بە وەرگێڕانەکانیان وێژەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، لەو سالانە زۆر بەرهەمی نووسەرە کوردەکانیش بە زمانی ئەرمەنی و ڕووسی بڵاو بووەتەوە.

ڕەخنەگرتن هەمیشە بەشێکی لاوازی وێژەی کوردانی سۆڤێت بووە. زۆر جاران لێکۆڵینەوەی مێژوویی جێی ڕەخنەی گرتووەتەوە.

حەجیی جندی ساڵی ١٩٥٤ و ١٩٧٠ دوو کتێب لەسەر وێژەی کوردانی ئەرمەنستان بە زمانی ئەرمەنی بڵاو کردووەتەوە[40]. بەڵام ئەو بەرهەمانە ڕەخنەیان لە خۆ نەگرتووە. هەر وەک تۆماس بۆیس دەنووسێت، کاتێک باس دێتە سەر ڕەخنەی وێژەی کوردانی ئەرمەنستان، پێویستە بەر لە گشت شتێک ئەمەریکی سەردار وەبیر بهێنینەوە، کارێکی بەپێزی لەو بوارەدا کردووە. زۆرینەی وتارە ڕەخنەییەکانی لە ڕۆژنامەی "ڕیا تەزە"دا بڵاو بوونەتەوە[41]. هەروەها وتارەکانیشی لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئەرمەنییەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

لەو سالانەی دواییدا، چەرکەزی ڕەشیش لە "ڕیا تەزە"دا چەند وتارێکی ڕەخنەیی نووسیوە.

ساڵی ١٩٧٠-١٩٨٠، بواری چاندیی کوردی لە جۆرجیا گەشاوەتەوە. شانۆی کوردی، کۆمەڵەی گۆرانی و گۆڤەند هاتووەتە مەیدانەکەوە، لە لایەنی

---

[40] ح. جندی، ١٩٥٤، ١٩٧٠

[41] Thomas Bois, The Kurds, 1966, 136.

شـێوەکارییشـەوە هەنگاو باش نراوە. نووسـەری کورد عەزیزی ئیسـکۆ و چەردۆی ئەسـەد و باخچۆی ئیسـکۆ و تهاری برۆ لەگەڵ چەند کەسـێکی تردا، بەشـی نووسـەرانی کوردیان لەپاڵ یەکیەتیی نووسـەرانی جۆرجیا دامەزراندووە. بەڵام دیسـانەوە بەرهەمەکانی خۆیانیان لە ئەرمەنسـتان بڵاو کردووەتەوە.

دوای ساڵی ١٩٥٥، بە تایبەتی دوادوایی پەنجاکان و دەستپێکی شەستەکانی سـەدەی بیسـت، لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی وێژەی کوردانی یەکیەتیی سـۆڤێتدا هەڵدراوەتەوە. پەرەسـەندنی چاندیی کوردی تەقلەیەکی نوێی بە وێژەی کوردی داوە، ناوی نوێ هاتووەتە ناو وێژەوە. بە دەرکەوتنی ئەو ناوانە، ئەو وێژەیە توانیوویەتی خۆی لە کەموکورییەکانی ساڵی سییەکان و چلەکان ڕزگار بکات، بووەتە خاوەنی ناوەڕۆکی فرەجۆر، خەمڵ و خەتێکی کوردانەی وەرگرتووە، خۆی لە درووشـمی سـیاسـی و پیاهەڵدان پووچ و کـاریگەریی وێژەی دەرودراوسـێ دامـاڵیوە. لەگەڵ گۆڕینی نـاوەڕۆکـدا، شێوازی نوێنی نووسینیش دەرکەوتووە.

پەیوەنـدی لە نێوان نووسـەرە کوردەکـانی نـاوەوە و دەرەوەی یەکیەتیی سـۆڤێتدا چێ بووە. وێژەی کوردانی یەکیەتیی سـۆڤێت بەرەو پیری وێژەی گشتیی کوردی چووە.

دوادوایی سـاڵی هەشـتاکان، دەتوانین بڵێین وێژەی کوردانی یەکیەتیی سـۆڤێت، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا، بووەتە خاوەنی زمانێکی تا ڕادەیەک ستاندارد .

بە بیروڕای ئێمە ئەم بەرەوپێشچوونە چەند هۆکارێکی هەبووە:

١. دوای مردنی ستالین و ئاشکراکردنی زوڵم و زۆری ڕژێمەکەی، ئازادیی ئاخاوتن و ڕادەبڕین زیاتر بووە.

٢. ئەگەر بۆ نەوەی یەکەمی نووسەرە کوردەکان بڵێین بە هۆی بارودۆخی سەردەمەوە بوون بە نووسەر، لە کۆتاییی پەنجاکانەوە و دەستپێکی شەستەکانەوە، دەستەیەک نووسەر هاتوونەتە ناو وێژەی کوردییەوە، کە دەبوو ببنە نووسەر، وەک دەگوترێت: "خودا پێی دابوون".

٣. کوردناسانی لێنینگراد بە سەرۆکایەتیی قاناتی کوردۆ، بەرهەمی نووسەرە کلاسیکەکانی کوردیان وەک ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیران و حاریس بەدلیسی و سلێمان سەلیم و مێژوونووسی وەک شەرەفخانی بەدلیسی و خوسرەو خانی ئەردەڵانی و مەستوورەی ئەردەڵانی و مەلا مەحموودی بایەزیدی بە وەرگێڕانی ڕووسی بڵاو کردووەتەوە.

٤. شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان و پشتگیریی ئەو شۆڕشەوە لە لایەن یەکیەتیی سۆڤێتەوە، هەستی نەتەوایەتیی لای کوردانی یەکیەتیی سۆڤێت بەهێزتر و تۆختر کردووە، بابەتی کوردستان و تێکۆشانی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە وێژەی کوردیدا بابەتی سەرەکی بووە.

٥. پەیوەندی لە نێوان کوردانی ناوەوە و دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤێتدا چێ بووە، 'بەربەستی ئاسنین' وردەوردە بەرز کراوەتەوە. بەرهەمی نووسەرە کوردەکانی ئەو سەردەمە، بەر لە هەمووی ئەوانەی جگەرخوێن، گەیشتوونەتە دەستی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێتی جاران. گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی لە ئەورووپا چاپ بووە، لە بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە.

سـەرنجەکانی کۆمەڵناس و کوردناس مارتین ڤان بروونسـەن لەمەڕ هەڵسـەنگاندنی ویژەی کوردانی یەکیەتیی سـۆڤیەتەوە سـەرنجڕاکێشـن. ئەو سـەبارەت بە خەملاندنی ویژەی کوردانی باکوور لە سـاڵی ١٩٨٠ـکاندا، دەنووسـێت: "پشـکووتنی لەناکاوی نووسـین و چاپەمەنیی کوردی لەوێ، حەقیقەتێکی دیکەی لە پشـتەوەیە؛ کاریگەریی پەیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ کوردانی سـۆڤیێت. ئەوانەی دوایی، بە تایبەت لە ئەرمەنسـتان، توانیبوویان بەرهەمی باشـی ویژەیی بڵاو بکەنەوە، بنجیان داکوتابوو. دوای نەمانی سـتالینزم، کوردانی ئەرمەنسـتان (کە لەوێ نەتەوەیەکی بچووک بوون، ڕێژەیان نزیکی ٥٠.٠٠٠ کەس بووە) خاوەنی مافی چاندیی ئێجگار مەزن بوون، لەو ناوچەیەدا جێیەکی دیکە بۆ پشـتگیریی بڵاوکردنەوەی کوردی هاتووەتە ئاراوە."[42] دریژەی دەداتێ: "ویژەی کوردی و بواری چاندیی کوردەواری بە گشتی[43] دووراودوور گەشـەی سـەندووە، کەوتووەتە نێوان سـێ تاراوگەوە؛ ڕۆژئاوای تورکیا، یەکیەتیی سـۆڤیێتی جاران و ڕۆژئاوای ئەورووپا[44]".

**ئەنجام**

ویژەی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤیێت ڕێیەکی دوورودرێژی بڕیوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ـەکان، چەند خوێندەوارێک لە کوردانی ئەرمەنستان هەبووە، بە پاشـخانێکی بەتاڵەوە، لە ڕێی وەرگێڕان و دواتر بەرهەمی

[42] Martin van Bruinessen, 2000.

[43] مەبەستی ویژەیە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو – ت. ڕ.

[44] هەمان سەرچاوە

سەربەخۆوە، بنچینەی ویژەی کوردییان لەو کۆمارە و یەکیەتیی سۆڤێت داناوە، زمانی نووسینەکیی کوردییان پێش خستووە.

سالانی ١٩٣٨ تا ١٩٥٥، کاتێک ڕێ لە بەرەوپێشچوونی چاند و ویژەی کوردی گیراوە، نووسەرە کوردەکان دیسان چەند بەرهەمێکیان لە ئەرمەنستان بڵاو کردووەتەوە، چرای ویژەی کوردییان لە یەکیەتیی سۆڤێت بە هەڵکراویی هێشتووەتەوە.

ساڵی ١٩٥٥ لە ئەرمەنستان دەست بە بووژانەوەی چاندیی کوردی بە گشتی و ویژەی کوردی بە تایبەتی کراوە. ئەو ویژەیە لە زۆر لایەنەوە خۆی لە کەموکوڕیی ناوەڕۆک و شێوازی نووسینەوە، هەروەهایش لە کاریگەریی ویژەی دەرودراوسێ ڕزگار کردووە. ناوی نوێ هاتووەتە ناو ویژەوە، ناوەڕۆک و شێوازی نوێ نووسینیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە.

هەنگاوی بەپێز بۆ پرسی دانانی زمانی ستاندارد نراوە.

ویژەی کوردانی یەکیەتیی سۆڤێت، کە بەشێکی ویژەی گشتیی کوردییە، هێشتا چاوەڕوانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی قووڵ و فرەلایەنە.

**سەرچاوە:**


1. ZorabêBûdî, The Kurds and the Caucasus. 2005.
2. Çatoêv, *KurdênErmenistanaSovyêtê,*Yêrêvan, 1965. (Bi zimanêrûsî).
3. The Encyclopedia of Islam, Leiden, E.S. Brill, 1986, c. V.
4. *Folklorakurmanca,*kitêbapêşin, berevkirin û hazirkirin H. Cindî û E. Evdal. 1936
5. NizameddinRzaev, www.kurdishmedia.com, 05.06.2006.
6. Arîstova, T. F., *KurdênPişkavakazê,* 'Naûka' Moskva 1966, (Bi zimanêrûsî).
7. FerhadPîrbal, *The Kurdish literature in the soviet republic Armeni*, The Kurdish Globe, 07 August 2008.
8. FerhadŞakelî, *TosinêReşî*, Kovara "Raman" N89, 2004, Hewlêr.
9. Thomas Bois, *The Kurds,*Khayats, Beirut, 1966.
10. Thomas Bois, *Coup d'œil sur la littératurekurde"* 1955. "Al- Machriq", Mars-Avri.
11. WezîrêEşo, "Nûdem" N32, 1999.
12. Cindî, *Edebyetakurdî li ErmenistanaSovyêtê*, 1954 (bi zimanêermenî).

    OçêrkaedebyetakurdayeErmenistanaSovyêtê, 1970 (bi zimanêermenî).

13. OrdîxanêCelîl, *PoêzîyaCegerxwînebajarvanîyê*, 1966.

14. ÎsmaîlêDûko, *“Zewacabêdil”*, 1966. EskerêBoîk *“Sincoqîzaxwedidemêr”*, 1978, EskerêBoîk “Mem û Zîn”, 1990. TosinReşîd, “*Sîyabend û Xecê”*, 1988.

15. Martin van Bruinessen, *Transnational aspects of the Kurdish question.* Working paper, Robert Schuman Centre for Advanced Studies, European University Institute, Florence, 2000.

**ئەم وتارە لەم سەرچاوەیەوە بە کوردیی ناوەندی داڕێژراوەتەوە:**

Wêjeyakurdî li YekîtîyaSovyetê, TosinêReşîd, Riataza.com, 29-11-2015 (Ji KurmancîboSoranî: Jiyar Homer)

**ژیاننامە**

**تۆســـنی ڕەشـــید** (**TosinêReşîd**): نووســـەر و لێکۆڵەر و شـــاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شـانۆنووس و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕێکی کوردی ئێزیدییە. ســـاڵی ١٩٤١ لە گوندی کوڕەکەندی ناوچەی ئێچمیادزینی ئەرمەنسـتان لە دایک بووە. نووسـەرێکی هەرە دیار و گرنگی کوردسـتانی ســـوورە. ئامۆزازای قاناتی کوردۆیە. لە خوێندنگای گوندەکەیان تا پۆلی چواری بە کوردی خوێندووە، پاشـان لە گوندە ئەرمەنییەکانی دراوسـێیان، درێژەی بە خوێنـدن داوە. ســـــاڵی ١٩٦٤، کۆلێژی فیزیـا-بیرکـاریی لە ئینســـتیتووتی یەریڤـان تەواو کردووە. ســـــاڵی ١٩٧٥ تێزی دکتۆراکەی نووسیوە و بووەتە دکتۆری زانستی کیمیا. ساڵانێکی دوورودرێژ لە زانکۆی یەریڤان و ئینسـتووتە ئەکادیمییەکانی ئەرمینیادا کاری زانسـتیی کردووە و گەلێک وتاری بە چاپ گەیاندووە. ساڵی ١٩٦١، یەکەمین وتاری لە ڕۆژنامەی ڕیا تەزەدا بڵاو بووەتەوە. ساڵی شەستەکان، زۆر وتار و شیعر و چیرۆکی لە ڕۆژنامەی ڕیا تەزە و ڕادیۆی یەریڤان بڵاو کردووەتەوە. ماوەی دوانزە سـاڵێک، وتاری زۆری بە ناوی ئینسـیکلۆپیدیای کوردی لە ڕادیۆی یەریڤان بڵاو کردووەتەوە. وتارەکانی لەسـەر مێژوو و وێژە و چاندی کوردی بووە؛ پرســـی ڕۆژانەی کوردیان لە خۆ گرتووە. ســـاڵی ١٩٦٣ لە یەریڤان، لە ژێر کاریگەریی شـۆڕشـی باشـووری کوردسـتان، تۆسـنی ڕەشـید لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کۆمەڵەی کوردی دامەزراندووە؛ لە ســـەرانســـەری یەکیەتیی سـۆڤێتدا یەکەمین کۆمەڵەی نەتەوەیی بووە. پاشـان بۆ وشـیارکردنەوە و بووژانەوەی هەسـتی کوردایەتی، زۆر جار چووەتە ناو کوردانی جۆرجیا و کازاخسـتان و قیرخسـتان. لە سـاڵی ١٩٩٣ـــــەوە نیشـتەجێی ئوسـترالیایە.

پەرتووکەکانی: کلامی ڕێ (شـــیعر، ١٩٧٥)، زۆزان (شـــیعر، ١٩٨٤)، نیڤرۆ (شـیعر، ١٩٨٧)، سـیابەند و خەجێ (شـانۆ، ١٩٨٨)، شـەڤا بێ خەو (چیرۆک، ٢٠٠٠)، ژ بۆ بیرئـانینا قـانـاتێ کوردۆ (لەگەڵ حســـێن حەبەش، ٢٠٠٠)، ئێزیدیاتی ئۆلەکە هێ ژی نەناسـکری (لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤)، من بێریا شـــەڤێن سـپی کرییە (چیرۆک، ٢٠٠٥)، مەسـتوورە، سـەرێ هێژایی تاج بوو (ڕۆمانی مێژوویی، ٢٠٠٥). هەروەهـا بەرهەمی پووشـــکین، تۆڵسـتۆی، چێخۆڤ، بوونین، ڤۆزنێسـێنسکی، ئیسـحاقیان، سـێڤاکی لە ڕووسـی و ئەرمەنییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. خاوەنی دەیان وتاری بەپێزە، ژیار هۆمەر بەشێکیانی بە [کوردیی ناوەندی](#) داڕشتووەتەوە.

**ژیار هۆمەر** (**Jiyar Homer**):وەرگێڕ و نووسـیار. لەدایکبووی ١٩٩٦ـــــی ســــلێمانییە. کارمەندی ناوەندی **کەشـــکۆڵ** لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS)یە. نووسیاری گۆڤاری **ئیلیان**ـە. زمانی کوردی و ئیسپانی و پۆرتوگالی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارســـی دەزانێت. بەرهەمی چەندین نووسـەری ئەمریکای لاتینی بۆ کوردی وەرگێڕاوە. وەرگێڕی پێچەوانەیشـە؛ شـــیعری شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی، عەبدوڵلا گۆران، شـــێرکۆ بێکەس، هێمن موکریانی، ڕەفیق ســـابیر، بەختیار عەلی، عەبدوڵلا پەشـــێو، فەرهاد پیربال، دلاوەر قەرەداغی، چۆمـان هەردی، کەژاڵ ئەحمەد، هیوا قـادر، پێشـــەوا کاکەیی، دلاوەر ڕەحیمی، کاوان نەهایی، ئەنوەر عەباســـی، بڕیار محەمەد تاهیر، ڕێبین خدر، وریا مەزهەر، فەرید خانی بۆ ســـەر زمانی ئیســـپانی وەرگێڕاوە. بەرهەمەکـانی لە ١٩ وڵات بڵاو بوونەتەوە، لەوانە لە گۆڤـاری Periódico de Poesía ،Poesía ،Literary Hub ،World Literature Today ،Buenos Aires Poetry Círculo de Poesía،The Brooklyn Rail ،

پڕۆژەکانی لە چوارچێوەی کتێبدا: ڕۆمانی بیر، خوان کارلۆس ئۆنێتی، لە ئیسپانییەوە وەریگێڕاوە (وەشانخانەی کەشکۆڵ، ٢٠٢٢). لەگەڵ د. ئالانا ماری لیڤنسۆن لابرۆس کۆمەڵەچیرۆکی «پەتاتەخۆرەکان»ی فەرهاد پیربالّی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە و وەشانخانەی دیپ ڤێلۆم (Deep Vellum) لە ئەمریکا بڵاوی دەکاتەوە. لەگەڵ دەیڤد شووک دیوانی «پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣٣٣»ی پیربالّی بۆ ئیسپانی وەرگێڕاوە و وەشانخانەی گاتۆ نێگرۆ (Gato Negro Ediciones) لە مەکسیک بڵاوی دەکاتەوە. هەنووکە سەرقاڵی وەرگێڕانی «حەسار و سەگەکانی باوکم»ی شێرزاد حەسەن و کۆچیرۆکەکەی کارلۆس ڕویز زافۆنە. پێشتریش وەک نووسیار و بەرپرس و بەڕێوەبەر لە گۆڤاری **سینەنا**(Cine-Na) و **تەماشە**(Temaşe) و **زارەما** (Zarema) کاری کردووە.